# کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا بە کوێ دەگات؟

## جەنگی سوریا گەشبینی ناوچەکەی گۆڕیوە بۆ بێ هیوایی

نوسینی: Ishaan Tharoor لە ئینگلیزیەوە: شاسوار کەمال مەحمود*



لە کاتێکدا هەوری ئابڕوچوونە ناوخۆییەکان باڵی بەسەر واشنتندا کێشابوو، رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەگەڵ تەمی خۆیدا گەیشتە ئەوێ، ئەردۆگان بە دیارترین کەسایەتی سیاسی جیهان دادەنرێت، کە داوای دەستوەردانی سەربازی دەکات لەو ململانێ وەحشیانەی ئێستا لە سوریا روو دەدات. ئەجێندای سەرەکی سەردانەکەی ئەردۆگان بریتیبوو لە رازیکردنی ئیدارەی ئۆباما بۆ دەستوەردانی سەربازی لە سوریا، کە تا ئێستا ئەو ئیدارەیە بە تێڕامانەوە لە بارودۆخەکە دەڕوانێت. لە کۆنگرەیەکی هاوبەشدا لە کۆشکی سپی لە ژێر باراندا لە رۆژی(16ی مایس)ی رابردو، کە تیایدا هەردوو سەرۆک خوازیاری خۆیان نیشاندا کە بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا دەسەڵات جێ بهێڵێت، بەڵام زۆر شتی دیکە نەوترا. لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەردانەکەی ئەردۆگان 4 گرفتی جیۆسیاسی هەن کە رۆڵیان هەیە لە پەیوەندی نێوان تورکیا و ئەمریکا و لە ئێستادا ئەو گرفتانە بە چارەسەر نەکراوی ماونەتەوە. ئەو گرفتانەش بریتین لە مانەی خوارەوە:

**یەکەم: سوریا**

داواکاری ئەردۆگان بۆ دەستوەردانی سەربازی لە سوریا پاڵپشت بوو بە تەقینەوە تراژیدییەکانی ئەم دواییەی رەیحانی وڵاتەکەی

ئۆباما و ئەردۆگان

نزیک سنوری سوریا، کە بەهۆی تەقینەوەی دوو ئۆتۆمبیلەوە (50)کەس بوونە قوربانی و دەیانی دیکەش بریندداربوون. دوای تەقینەوەکان دەست بەجێ دەسەڵاتدارانی تورکیا پیاوانی سەر بە رژێمەکەی ئەسەدیان تۆمەتبار کرد بە ئەنجامدانی ئەو تەقینەوانە.

لە ئێستادا (400,000) ئاوارەی سوری روویان لە تورکیا کردوە، هەروەها 19 کەسی تورکیش چونەتە سوریا و لە شەڕی دژی سوپاکەی ئەسەددا کوژراون. تورکیا ئەندامی پەیمانی ناتۆیە، بەپێی رێکەوتنی وڵاتانی ئەندامی ناتۆ، ئەگەر هەر وڵاتێکی ئەندام بکەوێتە بەر هەڕەشەی جەنگ ئەوا سەرجەم وڵاتانی ناتۆ بەرگری لەو وڵاتە دەکەن. لەو کۆنگرە رۆژنامەوانییەدا ئەردۆگان باسی لەو دووخاڵەی سەرەوە کرد و هاوکات ئاماژەی بەوەدا ئاوارەکانی سوریا بارگرانیان بۆ وڵاتەکەی دروست کردوە. ناوبراو رایگەیاند هەموو ئەمانە پارمەتیدەرن بۆ هەبوونی رۆڵی گەورەتری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سوریا. لەگەڵ ئەمانەشدا ئەردۆگان داوای پڕچەککردنی دور مەودای سوپای ئازادی سوریای کرد. ئۆباما لە وەڵامدا بەڵێنی هاوکاریکردنیدا، بەڵام بەهیچ شێوەیەک باسی لە یارمەتی چەکداری نەکرد.

لەگەڵ ئەوەی ئەردۆگان و حکومەتەکەی لە لایەنە بەرایییەکانی پشتیوانیکەرانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بوون، بەڵام پێدەچێت کاریگەری سنوورداریان هەبێت لەسەر گروپە جیهادییەکان، کە ئەوان لەسەر ئەرزی واقیع بوونیان هەیە. لە ئێستادا گرنگی خراوەتە سەر کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بڕیارە لە مانگی حوزەیراندا لە جنێڤ ببەسترێت. روسیا ئاواتەخوازە هەریەک لە دەسەڵاتداران و نەیارانی سوریا ئامادەی ئەو کۆنفرانسە ببن و هاوکات پێداگیری دەکات لەوەی کە دەبێت ئێران لەو دانیشتنانەدا بەشدار بێت.ئەم دیمەنە ئاڵۆزەی بارودۆخی سوریا ئەوە دەردەخات کە هێزە دەرەکییەکان ناتوانن بەئارەزووی ئەجێندای خۆیان کۆتایی بە کێشەکانی ئەو وڵاتە بهێنن.

**دووەم: پرۆسەی ئاشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

لە میانەی ئەو سەردانەیدا بۆ واشنتن، جارێکی دی ئەردۆگان ئارەزووی خۆی نیشاندا بۆ سەردانیکردنی کەرتی غەزە، کە لە لایەن بزوتنەوەی حەماسەوە بەڕێوە دەبرێت. هەروەها دژایەتی خۆی بۆ بۆمبارانکردنی کەرتی غەزە لەلایەن ئیسرائیلەوە راگەیاند. شایەنی باسە لە ساڵی 2010دا ژمارەیەک چالاکوانی تورکی کوژران لە ئەنجامی هێرشی هێزەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئەو کەشتییەی یارمەتی مرۆیی بۆ کەرتی غەزە هەڵگرتبوو، لەو کاتەوە پەیوەندیەکانی تورکیا و ئیسرائیل ئاڵۆزی تێکەوتوە.

لە مانگی ئازاری ئەمساڵ (بنیامین ناتانیاهۆ) ئاماژەیەکی چاوەڕواننەکراوی نیشاندا (بە دڵنیاییەوە لەسەر داوای ئەمریکا)، کاتێک تەلەفۆنی بۆ ئەردۆگان کرد و سەبارەت بەو رووداوە داوای لێبوردنی لێکرد. هەریەک لە تورکیا و ئیسرائیل ئامانجی هاوبەشیان هەیە لە جێگیربوونی بارودۆخی سوریا، بەڵام مەحاڵە پەیوەندی نزیکی جارانی نێوان ئەو دوو وڵاتە بگەڕێتەوە دۆخی خۆی، سەرئەنجام پێدەچێت ئاسۆی دانوستانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکانیش نادیار بێت.

**سێیەم: نەوتی عێراق**

لە مانگی ئازاری رابردودا، ئاگربەستێکی گرنگ لە نێوان دەوڵەتی تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) راگەیەندرا. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، (PKK)ی وەک رێکخراوێکی تیرۆریست ناساندبوو، لە ماوەی سێ دەیەی رابردودا لە ململانێیەکی توندا بوو لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا و لەو ململانێیەدا نزیکەی (40,000) کەس لە هەردوولا بوونەتە قوربانی و لە ئێستادا (PKK) دەست بەرداری خەونی کوردستانی سەربەخۆ بووە و ئامادەیە لەناو سنووری تورکیادا بوونی هەبێت.

لەگەڵ بەردەوام بوونی گفتوگۆی نێوان تورکیا و PKK، ئەنکەرە پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ حکومەتی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق توندتر دەکات. هەر لەم دواییانەدا حکومەتی تورکیا رایگەیاند کە گەیشتوەتە رێکەوتنێک بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکانی نەوت لە باکوری عێراق بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی عێراق. ئەم کارەی تورکیا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بە ( ناقانونی) وەسف کرا و لەلایەن ئیدارەی ئۆباماشەوە (رەخنەی لێگیرا). ئەم هەنگاوەی تورکیا هاوکاتە لەگەڵ توندبوونەوەی ململانێی نێوان شیعە و سوننە لە عێراق و تادێت نێوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مالیکی لە بەغدا فراوانتر دەبێت.

**چوارەم: لەدەستدانی پێگە**

کاتێک ئەردۆگان لەگەڵ ستافی نوسەرانی (گۆڤاری تایم–Time) کۆبوویەوە لە ساڵی 2011دا، ئەوکاتەپشت ئەستور بوو بە سروەکانی مێژوو، ئەو یەکێک بوو لە وانەی پاڵپشتی لە گۆڕانکارییەکانی بەهاری عەرەبی دەکرد و لەو کاتەدا لەلایەن میدیای خۆرئاوا وەک سوڵتانی نوێی عوسمانی ناوی دەهات. ئەو کاتە دیکتاتۆرەکان دەڕووخان و ئومێدی هاتنی دیموکراسی لەئارادا بوو. زۆرێک بڕوایان وابوو مۆدێلی ئەردۆگانی تورکی شوێنی ئەو دەسەڵاتانە دەگرێتەوە کە بریتیە لە: ئیسلامی میانڕەو، خۆشگوزەرانی، سەقامگیری. ئەو کاتە ئەردۆگان لە تەرابلوس، قاهیرە و پایتەختەکانی دیکەی وڵاتانی عەرەبی وەک پاڵەوان باسدەکرا و هیچ وڵاتێک هێندەی تورکیا خاوەن پێگە نەبوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بەڵام ئێستا لە دوای دوو ساڵ، هێزی تورکیا نەرمتر دەردەکەوێت وەک لەوەی هێزێکی کاریگەر بێت. بەهاری عەرەبی توشی گرفت بووە، جەنگی سوریا گەشبینی ناوچەکەی گۆڕیوە بۆ بێ هیوایی...، هەروەها ئەردۆگانیش وەک کەسایەتیەکی بچوکتر لەسەر شانۆی سیایی جیهانی دەبینرێت، لایەنگیریە فراوانەکانی ئەردۆگان لە نەیارانی سوریا لەلایەن رای گشتی وڵاتەکەیەوە پشتیوانی ناکرێت، هەروەها هەوڵە بەردەوام و بێ ئاکامەکانی ئەردۆگان بۆ پشت بەستن بە هێزی دەرەکی ئەنجامەکەی بریتیە لەو شتەی لە سیاسەتدا پێی دەوترێت ( لەدەستدانی روو).

*خوێندکاری ماستەر لە زمانی ئینگلیزی–هەولێر

سەرچاوە:

سایتی گۆڤاری (تایم– Time )ی ئەمریکی